کەسی بەهێز ئەوە نییە کە بەهێزە لە زۆرانبازیدا، بەڵکو کەسی بەهێز ئەوەیە کە نەفسی خۆی دەگرێتەوە لە کاتی تورە بووندا

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کەسی بەهێز ئەوە نییە کە بەهێزە لە زۆرانبازیدا، بەڵکو کەسی بەهێز ئەوەیە کە نەفسی خۆی دەگرێتەوە لە کاتی تورە بووندا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە کە هێزی ڕاستەقینە ؛ هێزی لاشە نیە، یان ئەو کەسە نیە کە لەبەهێزەکانی تر دەباتەوە لەزۆرانبازیدا، بەڵکو بەهێزی ئازا ئەوەیە کە جیهادی نەفسی خۆی دەکات وزاڵ دەبێت بەسەریدا کاتێک خەریکە تورەییەکەی لەجڵەو دەربچێت؛ چونکە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زاڵە بەسەر نەفسی خۆی وسەرکەوتووە بەسەر شەیتان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5351